# مۆدێرنه و فاشیزم. .

نیهادجامی

"قسەکردنێکەلەتراژیدیای هەلەبجە" کاتیٚدەمانەویٚبەسەربرینیتراژیدیا کانمان هەڵوەستە بکەین، ئەو ساتەوەختە بەتەنیایادکردنەوەیەك نییەبۆ قوربانییەکانمان، هێندەی هەوڵێکەبۆ ناسینیسیما تایبەتمەندیەکانی جەلاد، جەلاد بەتەنیامومارەسەی دەسەلات ناکات بەسەر بێگوناهەکان، بەڵکوئەو پراکسیسی جۆرەکانی دەسەلاٚت دەکات ولەهەناوی خۆیدا گەشەی پێدەدات، جەلاد بەتەنیائەو بوونەوەرەقامچی بە دەستە نییە کەلەسەر گوناهێك گوناهبار سزا دەدات، ناجەلاد لە کلتوری بەعسدابوونەوەرێکە لەهەموو پێودانگێکیئەخلاقیداماڵدراوە ٔئەو بەتەنیالەسەر گوناهکردن سزا نادات، بەڵکو لەبەرامبەرگوناهی یاخییەکانی دەرەوەی دەسەلاٚتی خۆی، بیٚ گوناهەکانیژێردەسەلاتی خۆی سزادەدات، خۆپاراستن لەسزا. . و مانەوەوەك کائینێکیبێدەسەلاٚت، بۆئەوەیسزایەکی ڕاستەوخۆی لەسەر نەبێت تەنیائینتیماکردنە بۆئەو ئایدیۆلۆژیە فاشییە، چونکەبوونت لەعیراق بۆخوی سزایە، سزایەکی ناراستەوخۆ، بوونت لەناولەشکرێکی فاشی کەئەنفالیخولقاندسزایەکەبەلام بەناوی شەرەفی پیاوەتی پێت دەفرۆشرێتەوە، خاوەن شەرەف ئەو کەسانەن کەلەڕیزی سوپابەرگری لە مانەوەیبەعس دەکەن، مانەوەی بەعسیش بەندەبەمردنیئینسانەکان، فاشیزمیەتی ئەوهێزە مەرگدۆستە، چەندە بڕوایبەجبەخانەوتۆپ و چەکی پێشکەوتووهەیە، هێندەش بۆ پاڵپشتیئەوتوانا سەربازییەپێویستی بەدەسەلاٚتی ڕەمزییانەی فاشیزم هەیە، ئەو دەسەلاٚتەکەتوانای ئەوەی هەیەکاییەی ئایدیۆلۆژیبۆ فاشیزم بنیات بنێت، ئەوبنیات نانەوادەکات، بەعس ئایدیا فاشیانەکەی بسەپێنێتە سەر هەموو عیراق، ئەوکارەشی بۆ مەیسەر نابێت ئەگەرخاوەنی توانایەکی ئەفسوناوی نەبێت لەڕووی دەسەلاٚتیڕەمزییەوە، بۆیەلە هەشتاکاندائەوچەندەوەك هێزێکی دڕندەخۆی نمایش دەکات بەلام دڕندەی ئەوهێزە ناگاتە لووتکەی چێژی سەرکەوتن، بەبیٚبوونیدەسەلاٚتەڕەمزییەکان. بۆیەلەم ڕوانگەوەهەوڵدەدەین لە ئەزموونێکیبیٚوێنەبۆکلتوریمەرگ لایفاشیزمیبەعس لەسەرهەردوو ئاراستەیدەسەلاٚت قسەبکەین. هەربۆیەئەوخوێنەرەیئومێدیبە درووشم وگیانیبەرەنگاری بێت لەساڵیادی تراژیدیایهەڵەبجەدا، ئەواهەرلە سەرەتاوە لەناوئەونووسینەنائومێد دەبێت، چونکەئەونووسینەئومێدێکی پیٚنییەجگە لەوەیلەناوئومێدی دەسوڕێتەوە، هەرگیز بەلای ئەو فاکتەرانە ناچینەوەکەلەو سالیادەدا زۆر باس لەوە دەکرێت کەپشتگیری سیستمیئەوسای جیهان ئەو تراژیدیایەی خوڵقاند، یاخودهەندێك گوناهەکەدەبەنەوەبۆجەنگی بەعس لەگەڵ ئێران ودواتریش بۆحزبەکوردیەکان دەیگەڕێننەوە، دەکرێت هەریەك لەوانە هۆکارێك بووبێت، بەلاٚم هۆکاری سەرەکینییە، هێنانەوەی ئەو هۆکارانەلەڕاستیدادەبێتەماناىئەوەیکەئێمەدەمانەویٚبەشێکی گەورەی تاوانەکەلەسەرشانی بەعس لابەرین، دەمانەویٚگوناهەکەلەفاشیزم بسەنینەوەوسەرلەنویٚبەسەر بارودۆخەکەوهێزەجیاوازەکان دابەشی بکەین، کەئەوەش ستراتیژێکیسەرەکی ئەو ئایدیۆلۆژیایەکەلەپشت دەسەلاٚتی ڕەمزییبۆفاشیزم لەکاردایە. بۆیەواسەیریساتەوەختی ئەو تراژیدیایەدەکەین، کەدەکریٚ دەرکردنی ئێرانیەکان لەناو هەلەبجە تەنیابیانوویەك بێت، بۆپراکتیزەکردنی ئەزموونێکیلەگەڵ چەکەمۆدێرنەکانیخۆی، ئەوکلتورە مەرگدۆستیەیئایدیایێکی فاشیانەیەکە ئەوهێزە بەڕێوەدەبات، کەیەکەم پاڵنەرو هۆکارەبۆئەو تاوانە، تاوانێك دواتردەبیٚبەتراژیدیایەکیبیٚوێنە فاشیزم چیترلەوساتەوەختەیهەستکردن بەسەرکەوتن نەك لەوەی کەبەسەر ئێرانیەکان لەترۆپکی زاڵبوونە، بەڵکولەوەی توانیویەتیدوامۆدیلی چەکیوێرانکاریی بەرهەم بێنێت، ئەوەش"ئێستا"بۆبەعس مسۆگەرناکات، نابەڵکوبەپێچەوانەوە ئێستاچییە، بەعس بە لای خۆیەوە بردنەوەی ئێستاشتێك نییە، ئەوکەڕابردوویکردووەبەموڵکیخۆی ولەناوئێستا درێژەیپێداوە، دەیەوێت داهاتوو بباتەوە، کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەبۆبەعس تەنیاوێرانکردنی شارێك ودەرکردنی سووپای ئێران وکوشتنی پێنج هەزاربیٚگوناە نییە، بەڵکو ئەزموونێکەبۆقسەکردن لەداهاتوو، کەئایاداهاتووبۆبەعسە؟ ئەوپرسیارەدەبێت بکرێت بەمیکانیزمیقسەکردن لەفاشیزم، قسەکردن لەبرینەکان ولاوانەوەبەسەرتەرمی قوربانیەکان شتێکی ئەوتۆ بەئێمە نابەخشن، کاتیٚتەمیئەوپرسیارە تۆقێنەرەی بەعس نەڕەویبێتەوە، ئەوەتەلەوساڵیادەدا هێشتا

چەکە کوشندەکانی فاشیزم هەر بەدەستی بەعسەوەیە، سەرباری هەمووهەڕەشەکانیبەرەی دژبە تیرۆرهێشتابەعس دەسبەرداریی چەکەکانی نابێت، ئەودەسبەرداربوونە پەیوەندی بەزەمینەیەکی وێرانکارییهەیە، زەمینەیەك کەبەکیمیا بارانکردنی هەلەبجەدەستیپێکرد، ئەوەتا تائەو چرکەیەش هەست ناکات داهاتوولەدەست دەدات، ئەو ئێستا لەشەڕی داهاتوو دایە، قورسەبتوانین فاشیزمی بەعس قەناعەت پێبێنین کەداهاتووی دۆراندووە، چونکەلەڕاستیدابۆ بەعس دۆراندنیداهاتووپاشەکشەکردنی ڕابردووەلەناوپەیوەندییەك کەبەعس بەخۆی بەستبوویەوە. گەمەیەك کەبەعس بەردەوام خەریکیەتی. . گەمەیەك لەپێناوئەوەی داهاتوو نەدۆڕێنیٚ، گەمەیەك نییەلەناوجبەخانەوتۆپ وچەکیکۆکوژ، بەڵکو گەمەیەکەلەناوئاراستەی دووەمی دەسەڵاتیفاشیزم، ئەویش گەمەی"دەسەڵاتی ڕەمزیی"ە، ناسینی ئەو دەسەڵاتەپەیوەندیی سەرەکی بەمیدیاکانەوەهەیە، وەك چۆن لە کاتی کیمیا بارانکردنی هەلەبجەدا، ئەوە دەسەڵاتی ڕەمزییە وا دەکات هەندێك ڕوناکبیرانیی عیراقی وعەرەبی شەرعییەت بەوتاوانە بدەن، سەیرنییەناوەدیارەکانی ڕوناکبیریی عەرەبی ئەوتراژیدیایە بەدرۆیەکیگەورە ناوبەرن کەگوایەخراوەتەملی بەعسەوە، چونکەسەرباری ئەوەی بەعس بەمەبەست کاربۆئەودیدەڕەمزییەدەکات، لەلایەکی تریش توانای ئەوجۆرەڕوناکبیرانە ناتوانێت لەئەزموونی بەعسیزم تێبگەن، کەدیارە خوێندنەوە بۆ بەعسیزم پەیوەندیی بەکۆی ئەوتاوانە بەربەرییەهەیە کەئەوهێزەمەرگدۆستە ئەنجامی دەدات، نەبوونی توانایەکی ڕەخنەیی بۆخوێندنەوەی بەعسیزم بواری ئەوەبۆبەعس فراواندەکات کەبەعس لەوتاوانەپاکبکاتەوە، کەدیارە فاشیزمیبەعسییبۆکۆنکریت ڕێژکردنیبنەماکانی خۆیپێویستی بەو دەسەڵاتەڕەمزییەهەیە، ئەودەسەڵاتە تائەوچرکەیەش بەعس بەکاری دێنێت، گەمەکردن لەناوبڕیارەکانیئەنجوومەنیئاساش ودواترڕەزامەندیی دەربڕین لەسەریان کەمیدیاکانی عەرەبی هەست بەوەبکەن یاخود نەیکەن دەبنەدەسەڵاتێکیڕەمزییبۆبەعس، یاخودئەوخۆپیشاندانانەیئەمڕۆلە سەرانسەری جیهان سازدەکرێن، بەعس لەدەنگێکیناڕازییبۆنەمانیشەڕ، دەیگۆڕێت بەدەنگی خۆی، ئەودەیەوێت بەودەنگەئومێدێکیتربەخۆی ببەخشێت بۆمانەوە، مانەوەش. بەتەنیاحوکم کردنی دەوڵەت نییە، بەڵکوهەوڵێکەبۆدرێژەدان بەتاوان، بۆیەدەبێت هەستی ئەوەمان هەبێت کەمانەوەی بەعس لەسەرحوکم مانایوایەنەك هەرتراژیدیای هەڵەبجە کۆتایینەهاتووە، بەڵکوچاوەڕوانی تراژیدیای گەورەدەکەین لەبەردەمی خۆماندا، کەلەهەرساتەوەختێك دەکرێت ئەوبرینە مێژووییەمان دووبارەببێتەوە، بۆیەهەموومئەو دەنگانەی ئەمڕۆبەدژیشەڕ دەوەستن، بەڵام لە ڕوویەکیتردائەوان دژاییەتی شەڕناکەن، بەڵکوتراژیدیایەکی گەورەبۆداهاتوو بەجیٚدێلن، دیارەئەوەبەومانایەنییەکەئێمەدرك بەمەترسیەکانیئەوشەڕەناکاین، بەڵام دواجارهەردەبێت تراژیدیاکانی فاشیزم کۆتاییان بێت، بەڵام بائەوەشمان بیرنەچێت ڕووخانی حکومەتی ئیستای عیراق مانای کۆتایی هێنانە بەتراژیدیایهەلەبجە، لەلایەك وەلەلایەکیترسەرکەوتن بەسەردیکتاتۆرییەتی بەعس بەمانای وەرگرتنەوەیداهاتووە لەبەعس ووەڵامەبۆپرسیارەکانیفاشیزم تاپێی بلێین"نەخێر نەداهاتوو موڵکی تۆیەونەڕابردوو. . ئەوەی موڵکیتۆیەبەتەنیاتاوانەکانتن لەپێش هەمووشیان ئەنفال وهەلەبجە دووتراژیدیایگەورەن کەئەزموونیتۆ ئەزموونی بەعسیزم بەرهەمی هێناون;"

nihadjami@hotmail.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣